# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**سەدەی 18-20**

لە ئێران سەلالەی قاجارەکان زیاتر لە 200 ساڵ حکومەت دەکەن !

وەختایەک حکومەتی عوسمانی لە نیوەی ئەوەڵی سەدەی نۆزدەدا بە هۆی پێشکەوتنی ئوروپا لە باری سەنعەتی و زانستی و تیکنیکی وە هەر وەپاش دەکەوێ, لە باری ماڵی و سیاسییەوە فشارێکی گەورەی دێتە سەر, حکومەتی ترک بۆ ڕاگرتنی خۆی فشارەکە بۆ کوردستان دەگوێزتەوە کە ئەوە بووە هۆی بەرگری کوردەکان دژبە سیاسەتی عوسمانیەکان. ئەوبەرگریانە لە ساڵەکانی 1830 و 1880 بە ئەوپەڕی خۆی دەگا کە دەکرێ ئەوە بە هەوەڵین جووڵانەوەی ناسیونالیستی بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆ دابنرێ !